# پەندی پێشینیان

پێشکەش بێ بەو کەسانەی پارێزەری

فەرهەنگ و ئەدەبی میللەتەکەیانن

کۆکردنەوە و هۆنینەوەی بە شێوەی شیعر

مه لا غەفووری دەبباغی (حافز )(1927–1990)

خوێندنەوەی مامۆستا هەژار موکریانی

(مەلا عبدالرحمانی شەرەفکندی)

(1921ز – 1991ز)

داگرتنی بە شێوەی دەنگی لە ئەنتەرنێت

وە هێنانە نوسین و لێکانەوەی هەندێك وشە/ زریان سەرچناری

2010


mamosta hajar pandi peshinian - YouTube

| | |
|---|---|
| بەناوی خودا: | |
| پەندی پێشینیان یادگاریە | |
| میـراتی کۆنی کوردەواریە | |
| پەندی پێشینیان گەلێك پیرۆزە | |
| مایەی شانازی بۆ گەل و هۆزە | |
| پەندی پێشینیان بەڵگەی خەباتە | |
| دیاردەی مـێژوی گـەل و وڵاتـــە | |
| **قـەدیمیەکانی** خـودا لێخۆش بـــوو | کەسە کۆنەکان |
| ڕەحمەتیان لێبێت وایان دەفەرموو | |
| **ماقوڵە** هەرکەس لە نێوخۆ ڕۆیی | مەعقول: ژیری پەسەند |
| خـۆیی بچوکە لای خزم و خۆیی | |
| وەك لـە بێگانـە بـەرز دەڕوانـــی | |
| لە **عاست** خۆمانە هیچ کاتێك وانی | ئاست |
| پـیاو دارێـك نـەبێ بـە هەموو بایێ | |
| وە لـەرزین کەوێ و بێتە سەمایێ | |
| ئەسپی پێشکەشی خۆت باش دەزانی | |
| نـــاکرێ تــەمـاشـای دمـــوددانــی | |
| هەر خوویەك ئینسان گرتی بە شیـری | |
| بـۆی تـــەرك نـابـێ زەمـانـی پـیـری | |
| دەرد و مەینەتی دنیات بەسەرێ | |
| قـۆڵت لـە کـراس نەهێنیەدەرێ | |
| لەکات و دەمی تەنانەت مەرگا | |
| تادەکرێ **ددان بگرە بەجەرگا** | خۆڕاگربە |
| هــەر کچێ دایك تـاریفی دەکا | تەعریف: پێناسە |
| بۆ خاڵی دەبێ شو بەوی دەکا | شو بە خاڵۆزا دەکات |

| | |
|---|---|
| ئەم پەندە بگرە گوێی دڵ لەڕێوە | |
| زۆرەمــلی مـل شــكانـــی پـێـوە | |
| لەم پەندە جوانەش ناشێ **لوت بادەی** | بەدڵت نەبێت |
| تـا سـواری ئـەسپـی خەڵك بی پیادەی | |
| ئـەم پـەندەش تـازە هـاتەوە بەرمان | |
| شەڕ لەناو **شێف** و ئاشتی لە خەرمان | زەوی كێڵدراو |
| ئـەو كەسە پیاوە ڕەنگێك بنوێنی | |
| ئـیمڕۆ نەگۆڕێ ڕەنگوڕوی دوێنێ | |
| نـێوبـانگ و شـۆرەت بە جێ و مەكانە | |
| بەردیش لە جێی خۆی قورس و گرانە | |
| مەرد ئازایەتیش بە جێ و مەسكەنە | |
| تـەنـانـەت شـەڕی كـەڵ بـە **مەوتەنە** | نیشتمان |
| بـۆیـە یـاریـدەت نـەدام لـە كـــاریێ | |
| مورووی خەنجەرت دەكەوتە خواریێ | |
| خــەڵكـی مـەدوێنە **بە فیزو دەمار** | بە پۆزەوە |
| مەگەر لە لوتی فیل كەوتویەخوار | |
| نـە لـە شـنـدڕێ نە لـە شەمۆڵێ | |
| ئارد پەیدا نەبوو بەشی پرپۆڵێ | |
| دانیشێ لەسەر گەنجی ئوناسـیس | |
| لام بــێ بایەخە پیاوی پارە پیس | |
| شیرین گەورەو چوك دەیخوا تامناڵ | |
| پیاو ئەو پیاوەیە سڵ نەكا لە تـــاڵ | |
| گـوریـسی تـەمـاح كـەم ڕاخـە بـاوە | |
| كـەس دنیای بەكۆڵ پـێ نەگوێزراوە | |

| | |
|---|---|
| کێ کۆڵی گران بنێتە کۆڵی | |
| هەم پشتی دەشکێ هەم شان و قۆڵی | |
| کێ خزمەت بکا بە بێچوی گورگی | |
| کاتێ گەورە بوو دەدڕێ ورگی | |
| بیستومە لە زۆر پیاوانی خۆش ڕوو | |
| قسە هاتە ڕوو نامێنێ **ئەرجو** | ڕێز |
| بەکەس ناگیرێ زمانی **شۆفار** | جاسوس/سیخوڕ |
| بەدی خۆت بەخودا بسپێرە **قوتار** | ڕزگاربون |
| کێ لە پاشملە حاکم سەربڕێ | |
| ناوێرێ لە ڕو قسەی دەربڕێ | |
| با هەر لێبدا لافی ملهوڕی | |
| قوڵە واتڕی بەشی خۆی بڕی | |
| کەس چاکت ناڵێت لە دورو نزیك | |
| جارێك لە پیك دەی جارێك **لە ماپیك** | لەناڵیش بدەیت و لە بزماریش |
| تاکەی ژیانی (دە)ڕوو دەڕەنگی | |
| کەوشەت تیای نییە زیخ بۆ دەلەنگی | |
| چاکت داوەتە لانی بێ عاری | |
| هەم لەناڵ دەدەی هەم لە بزماری | |
| خەڵکی ساکارت گەلێك بەشەڕدا | |
| لە مێژە گورگی لە پێستی مەڕدا | |
| کەسێ لە کەسێ هەڵگرێ قینێ | |
| هەرخەونی گولی پێوە دەبینێ | |
| باوە دەرمی کرد هیوام دایە بوو | |
| کەچی ئەو گۆشتەش هەر لەم گایە بوو | |

| | |
|---|---|
| کەسێ جیانەکا **هەڕە** لەبەڕە | بڕەر/مشار |
| مێشکی تیانییە عەقڵی بەزەڕڕە | |
| بۆ ڕوبینیە واتەی سەرزمان | |
| دڵ ئاگای لە دڵ هەیە بێگومان | |
| لەگەڵ کەسێ بوی توشی دەم قڕە | |
| کارت بەپەردەی نەبێت مەی دڕە | |
| بۆیە پێت دەڵێم مەدڕە پەردەی کەس | |
| خۆت لە ژێر پەردە عەیب و عارت هەس | |
| بۆ پێوە ماندوی هەرکەس بەڕێی خۆی | |
| بزن بەپێی خۆی مەڕیش بەپێی خۆی | |
| مریشك بۆ خۆی وەسەرنەکا خۆڵ | |
| ناکرێت بەسەریا بەهیچ شان و قۆڵ | |
| پێی خۆشە هەموو پیاوێك بەتەنیا | |
| خۆی ئاقڵ تربێ لە خەڵکی دنیا | |
| بەڵام حەزدەکا **جگەرگۆشەکەی** | منداڵەکەی |
| لەو **باڵاتربێ** عەقڵ و هۆشەکەی | بەرزتربێ |
| ناچێت بەڕێوە ئاوا کارو بار | |
| بەهاوین شەوکار بەزستان قومار | |
| قەدیمی وایان چپاندە گوێی من | |
| لە دوست بترسێ نەوەك لە دوژمن | |
| پیاوی ژیر ناشێ باوەڕی وابێ | |
| هەرچی گا کێڵای هەر بەشی گا بێ | |
| **دەینی** ڕەش و ڕوت لە مل کێدابێ | گوناه/تاوان |
| **خاترجەم** دنیا هەروا ڕون نابێ | بە دڵنیاییەوە |

| | |
|---|---|
| پـیاوانی زانــا له دێ و لەشاری | |
| دەڵێن **عەقڵی سوك** گرانە باری | عەقڵی کەم |
| تـاجی زێڕینە عـەقڵی **فریاد ڕەس** | فریات بکەوێت |
| بەڵام ناچێتە سەری **هە**موو کەس | |
| بیستومە لە زۆر خاوەن عەقڵ و فام | |
| تـامـاڵ **بیهەوێ** لـە مـزگـەوت حـەرام | بیەوێ |
| لە سێدارەت دەن حەق دامەپۆشە | |
| بـانگی محەممەد ئاشکرا خۆشە(ص) | |
| خــۆت ئازا لـەنێو مــاڵ و منداڵ کەی | |
| **هیچ** نییە ڕەنگە بای سگ بەتاڵ کەی | |
| خۆت وانیشان دەی لـەکەس ناترسی | |
| واتـەی قـەدیـمەو **لاف بـــــن کورسی** | کورسی:جاران لە بری زۆپا بەکارهاتووە |
| بـۆ تـاقە دۆستێ خـۆت پیــرو کوێر کەی | واتا قسەی گوێ ئاگردانە. |
| نـەك ڕۆژی چـەند دۆست بەماڵت فێرکەی | |
| ئــەم پـەنــدە بـڕێك بـیستنی تاڵە | |
| سواڵکەر بێ بە(شا) چاوی لە سواڵە | |
| ئەگەر جێت نەکەن لە هیچ شارو گوند | |
| بـەشـل هــەر بڵـی شـل و بـەتوند توند | |
| دەڵێن کەسێك چو بۆ شاری کوێران | |
| دەس بـە چـاویـەوە بگرێ بۆ خێران | |
| بـەدەم هـەراشـی پـێك نـایـــە ئاوات | |
| لـــــە بێ خـەبەران کەشکەك سڵاوات | |
| تــا شێوت چــەورە دێنە دەورت کەس | |
| **بــاوك بــێ بـرا، ئـامــۆزا فـــرەس** | باوکت برای نیە و ئامۆزات زۆرە |

| | |
|---|---|
| داخـی داخـانم هــەتـا **گـندۆر** بوو | کاڵەك |
| قەوم و قیلەمان لە دەورە زۆر بوو | |
| بەڵام ئەو کاتەی گندۆر بەسەر چوو | |
| تـەواوی **قــەوم و قــیلە** بۆی دەرچوو | خزم/ دۆست |
| دۆسـتی بـەڕاستی کوا ئـەم زەمانە | |
| زۆرتـری ڕەفـیق بـۆ نـان و خــوانە | |
| پولێ **هاتە گۆڕێ** زۆر شت دەگۆڕێ | هاتەکایەوە |
| تەنانەت دۆستی گیانیش دەدۆڕێ | |
| پـوڵدار بـە کەباب مـل ئەستور دەبێ | |
| بۆنەکەی بێ پولێ پیی **ئەستور دەبێ** | تورەدەبێ |
| **ئەوەی پوڵی پێ پەین بوو سەرێ** | ئەوەی پارەی لا بێ نرخ بوو جاران |
| گـەڕا لـە کـەرێ نـاڵەکەی بــــەرێ | |
| لێم ڕونە وەك من لەشەڕ بێ زاری | |
| دەڵـێن بـاشترە شەڕ لە بێ کاری | |
| بەخشەو مشەی نەتزانی گایە | |
| کـەوابو نیوەی عومرت بەبایە | |
| یـامەبە دۆسـتـی فیلەوان کـاکە | |
| یا لەقەدەر فیل خانوو پەیداکە | |
| دانـوم نـاکــولێ لـەگەڵ **مفتەخۆر** | بەلاشە خۆر/ لەمیش |
| دەست بۆ گیرفانی نابا بەهیچ جۆر | |
| عومـری مفتەخۆر کەم بێ بەکەڵکە | |
| چـون هـەتا بژی **ســـەربای خەڵکە** | بۆ خەڵك ئەرکە |
| ئــەو کــاتە مــاڵت کـرا بە **پــێ خوست** | کەوتە بن پێ |
| گەورە ئاوی ڕشت بچوکە پێی تێ خست | |

| | |
|---|---|
| کــێ **ســەلیم** نـــەبێ زمان و دەستی | ساغ/بێ زیان |
| هەرچی بیکوژێ سەوز دەبێ دەستی | |
| کـێ ڕێگەی صـولْح و سەفا ببەستێ | |
| هەر لە گۆڕی ئەو ئاور هەڵ دەستێ | |
| دوو شـت زۆر و کـەم ناگرن قەرار | |
| ئـــاوی بێژنگ و سەبری **ئەوین دار** | عاشق/خۆشەویست |
| **فـام** و شـعورت بێ تیـن و هێزە | فهم/تێگەیشتن |
| هەرشتێ خڕ بوو وەبزانی گوێزە | |
| کـاتێ لـە بـزن نـزیك بـوو **ئەجەل** | کاتی مردن |
| دەچێ نانی شوان دەخوا پەلەپەل | |
| بیستومە خەوی زۆردار و بەدکار | |
| قـازانجی تـیایە بـۆ خەڵکی هەژار | |
| سەروەت کە پشتت پێوە نەیەشا | |
| ئـارەقەت نەڕشت ڕەنجت نەکێشا | |
| بـێگومـان بـەخـتی دەکـــەی بەفیڕۆ | |
| کاتێ لەدەست چوو بۆی ناکەی ڕۆڕۆ | |
| پێم خۆشە سڕم وەبن گڵ کەوێ | |
| نەك بەلالوتی بـــڵێن چت دەوێ؟ | |
| بیستومە لە زۆر پیاوی نوکتە دان | |
| مـردن خـۆشترە لـە تانەی **عەبدان** | خەڵك/ بەندە |
| لـە شـاخـی بـەردت پـێ بێنن بـەزۆر | |
| لەخۆر بۆ سێبەر لە سێبەر بۆ خۆر | |
| کۆڵەکەی ئـاسن بـەشان بـــگێڕی | |
| هـەڵمەگرە منەت لە پیاوی خوێڕی | |

| | |
|---|---|
| دەڵێن هەر شتێك كەوتیتە شوێنی | |
| لێی مـاندو نەبیت وەدەستی دێنی | |
| بیستومە وشتر ڕۆژ بنوێ یا شەو | |
| هـەر **دانەلۆکـە** دەبینێ بـــەخەو | تۆوی پەمو |
| وتیان بەڕێوی كوا خانوو لانت؟ | |
| كام خڕو دۆڵە جێی پشودانت؟ | |
| جـوابـی دانەوە جوزانم بابم | |
| جێگا نەماوە كەلێی نەڕیابم | |
| كێ نانێكی خوارد عەقڵی لەتێكی | |
| **ئـەشـێ** پـەیداكا بـێ زەحمەتێكی | شیاوە/پێویستە |
| قەت بەو ئەندازە نەبیت دەسـت بڵاو | |
| لــە گـیرفانتدا شـك نـەبـــەی **دراو** | پارە |
| بەو حـەدەش نـەگا پولێ خۆشەویستی | |
| بــڵێن نــاوەری هـــەرزن لـــــەدەستی | |
| مویەك لە بەینی دوونەفەر دانا | |
| هـەرگیز نـاپسێ بەقەولی زانا | |
| هـاتـەوەبیـرم شیـرین تـرین پەند | |
| بۆ پیاوی تێبین تایبەتی فەرزەند | |
| تا زیندوم گولێ بێنن بەدیاری | |
| گـوڵم بـۆ چـییە لــە نادیاری | |
| یاخوا بەختی كەس نەبێ سەرەوژێر | |
| بـوك لـەپەردەدا لێی دەبـــێ بەنێر | |
| كـێ بـەختەوەرە **خۆش بەحاڵی خۆی** | خۆزگوم بەخۆی |
| هەركەس نان دەخوا لە **ئێقباڵی** خۆی | شانس/ بەخت |

| | |
|---|---|
| بەکەر ناوێرێ زلی **بـــێ حونەر** | بێ هونەر/ هیچ نەزان |
| ڕەفە ڕەف دەکا لە کورتانی کەر | |
| ئـیمام حـوسێنیان دا بەکوشت ناپاك | |
| دەیان گوت خوێنی کێچ پیسە یا پاك؟ | |
| کـەر بەبارەوە قوت دەدا بۆخۆی | |
| دەڵێ **بەیتولماڵ** حەرامە نەیخۆی | خانەی پارە/بودجەی موسوڵمان/ بانکی جاران |
| کـێ **مـوعیزەی** کرد بۆتۆ لە مزگەوت | ئامۆژگاری/وتار |
| لــە نهێنیا شـوێن کاری تـــر کەوت | |
| کـێ بـەڕۆژ بـخورێ کوڵاوو کاڵی | |
| شەو دێتەوە سەر هەواری خاڵی | |
| کێ ڕۆژی ڕوناك چرای هەڵکرا | |
| شـەو نەوتی نابێ بیکاتە چرا | |
| **کەحێل** بە کورتان پشتی ڕوشاوە | کەحلان/ئەسپی چاك |
| تـەوقی زێڕ بـە مـل گـوێرێژ کراوە | |
| کەوتوینە عەجەب دەورو زەمانێ | |
| بــرا بــۆ بــرا پـێی حـەیـفە نانێ | |
| نەباوك ڕەحمی لەگەڵ **ئەولادە** | منداڵان |
| نـەئـەولاد دڵی بـە بـاوك شادە | |
| بۆژۆ بوو ئەوەی خۆی لە پێناو نا | |
| هـی شـاخی هاتوو هی باخی ڕاونا | |
| بـۆ مەرگی ئـازیز بـەرۆك دادڕە | |
| بەڵام چاك دەبێ گڵ مەیل بڕە | |
| بـاوەڕت ببێ بـەم قـسە حـــەقە | |
| دۆ هەتا زۆر بێ کەشك هەر ڕەقە | |

| | |
|---|---|
| قسەی قەدیمیان لەکەس مەپۆشە | |
| دۆم هەتاڕوت بیٚ مەزاتی خۆشە | |
| هەند بە ڕواڵەت شۆخ و لەبارن | |
| بەڵام دور کوژی نزیك خەسارن | |
| هێندە بە پیز و فیزە ئەو لاوە | |
| هەر دەڵێی دۆمەو خەڵات کراوە | |
| زیاد لە ئەندازە خۆت مەپارێزە | |
| نەخۆشە هەرکەس بە قیزو بێزە | |
| **کیٚ لە کسپ و کار بە قێزو بۆیە** | کیٚ لەکارو کاسپی بە بیانووە |
| بمرێ **ئۆباڵ** وەئەستۆی خۆیە | تاوان/گوناھ |
| ئێژن تەوەزەل چەشنی **دۆڵپایە** | دێوی ئەفسانەیی کە بەسێکەوە نوسا لێینابێتەوە |
| قورسایی ژینی لە مل خەڵکایە | |
| وەك قیری کەوای سپی بیٚ وایە | |
| یان **خەرەنگەزی** بن کلکی گایە | خەرمەگەز/مێشە سەگانی |
| کەسیٚ شعوری لە چاوی دا بیٚ | |
| نەزانە با لەسەد ئاوی دابیٚ | |
| گوێبگرە پەندی هەموو کەس بیستو | |
| ڕامەپەڕێنە قەت سەگی نوستو | |
| کاکە زۆر بۆلای خۆتی مەتاشە | |
| نەشیش بسوتیٚ نەکەباب باشە | |
| بێتامە گەلێك شتی سپی و سۆڵ | |
| هەر لە دور خۆشە ئاوازی دەهۆڵ | |
| قسەی ئەو کەسە چلۆن دەچەسپیٚ | |
| لە گیرفانیدا هەڵپەڕێ ئەسپیٚ | |

| | |
|---|---|
| ئـەم پـەندە گـەلێك لەلام ئەزیزە | |
| خۆزگەم بەوباخە ورچی لێ **زیزە** | زوهێر / عاجز |
| لـە لای ئـاسنگەر کەسێ دانیشێ | |
| بەرگی دەسوتێ یا سەری دێشێ | |
| کـێ پـەسەند نـاکا قسەی وا بــەجێ | |
| دەست ئەگەر شکا خوار دێتەوە جێ | |
| لـە **کـەرەمـی** کـەم مەگرە بەهانە | بەخشین |
| کەمی هەندێك کەس بە زۆر بزانە | |
| مەشهورە هەرکەس بەکەم نەزانێ | |
| پـیاوەتـی زۆریش بـەکەم دەزانێ | |
| دوعـای پـیاوانـی ژێــــــرو بەهەستە | |
| ئەم دەستە **موحتاج** نەبێ بەو دەستە | پێویستی |
| بـێ هـێزی خـەتای **"ڕۆن نـەباتی"یە** | ڕۆنی ڕوەکی |
| کەم خواردن لەکەم دەستەڵاتییە | |
| ئـای خـۆزگە **شۆفار** لاڵ و کـــەڕ بوایە | جاسوس/ دوزمان |
| ئاوخواردنەوەی گورگ لەگەڵ مەڕبوایە | |
| دەڵێن هەر ژنێ مێرد بیکا تڕۆ | |
| بـە هـەمو عـالەم ناکرێ **پەڕۆ** | پینە/ چارەسەر |
| بـەڵام هـەر ژنێ مێرد بیـکا سەنگین | |
| عـالەم هەڵدەستێ پێی نابێ **نەنگین** | عەیبدار |
| پـیاو ئەگەر شێرە یاخۆ پڵنگە | |
| ژن دەرکی نەکا کەمتر لە پنگە | |
| چەند بە مەزەیە **نەزیلەی** کوردی | چیرۆك/بەسەرهات |
| گـڵمەت دەگـریا بۆ حـاڵی گورگی | |

| | |
|---|---|
| بۆ کەسێ ماندو هیلاك و کفتە | |
| نانی ڕەق و تەق خۆشە وەك کفتە | |
| کاتێ تورەبوی هەڵ مەچۆ تەواو | |
| نەوەك تێکەڵاو بکەی دۆو دۆشاو | |
| گەورەیی خەرجی پێویستە مەگری | |
| کێ بانی زۆرە زیاترە بەفری | |
| **کەس** بە ڕواڵەت لێت مرچ و مۆنە | خزم/کەسوکار |
| خوێن نابێ بەئاو فەرمودەی کۆنە | |
| کەس بوو بەناکەس ناکەس بو بەکەس | |
| **قەدیم وەجاخان دەرچون بەعەبەس** | کەسەکۆنەکان بە بێهودە لەدەسمان چون |
| قەدیمی دەڵێن بۆ **دەستەوەستان** | بێ دەستەلات/نەکردەکار |
| هیچ فەرقی نییە گەرمێن و کوێستان | |
| سێ شت غەم لە دڵ دەردەکەن تەواو | |
| ڕوی شۆخ و شەنگ و شینایی و دەم ئاو | |
| بیستومە لە پیاو چاکی زەمانە | |
| نیشتمان دۆستی مایەی ئیمانە | |
| وتیان بەگورگ تۆ دەکەینە شوان | |
| دەستی کرد بە قوڕ پێوان و گریان | |
| وتیان بۆ دەگری خۆ **کەسبی** چاکە | کاسبی |
| گوتی دەترسم درۆبێ کاکە | |
| زۆر لە دوی ڕۆژی وێڵ نەبی چاکە | |
| سەری بێ ڕۆژی وا لە ژێر خاکە | |
| خۆت لە شوێن چوان مات و کز مەکە | |
| ماڵت توند بگرەو کەس بەدز مەکە | |

| | |
|---|---|
| پـیاوو بـۆره پیاو نەزانی كامە | |
| دیاره گا بەگون دەناسی مامە | |
| هێژن **فرەوێژ** لە خراپ و خاس | زۆربڵێ/چەنەباز |
| هەردێ بەدەمیا درۆبێ یاڕاس | |
| بە شێرو ڕێوی مەمكە گێژو كاس | |
| مـەردو مـەردانە بێژە ماسو ماس | |
| درۆ نـەفەرزە نـە سـوننەت كاكە | |
| كێ ڕاست و پاكە بێ ترس وباكە | |
| هەرچی خۆی تاڵ بێ لە **ئەزەڵ** چاكە | لە زووەوە/لەسەرەتاوە |
| شیرین كـە تـاڵ بـوو زۆر خـەتەر ناكە | |
| دوعات ئەوە بێ شیرین تاڵ نەبێ | |
| قـەت نـاتەبایت لــەناو ماڵ نەبێ | |
| دەك ئـاوەدان بـی مـاڵی بێ قڕە | |
| سفرەی تەبایی هەموو دەم پڕە | |
| قـەدیمیان چـیان فـەرمـوبــــــێ وایە | |
| هـەمو شتێ بەخوێ خوێش بە مەعنایە | |
| گۆشت خۆرن هەموو دەعبای ئەم ناوە | |
| كــەچــی هـــەر نــاوی گـورگ بـەد ناوە | |
| شوێن بە پیشەیە گیا بەڕیشەیە | |
| واتـەی قـەدیمیان بۆ هەمیشەیە | |
| وایان فەرمووە پیاوی هەڵكەوتوو | |
| ڕێـوی وریابە نـەك شێری خەوتوو | |
| هـــەر كچێ دایك تـاریفی دەكا | |
| بۆ خاڵی دەبێ شو بەوی دەكا | |

| | |
|---|---|
| واتـەی پیاوانی پڕ ئەقڵ و هۆشە | |
| گۆم هەتا قوڵ بێ بۆ مەلە خۆشە | |
| سەگ بۆیە بێ **خۆف** پەلامار دێنێ | ترس/بیم |
| ئێسك بـە قەوەی کلکی دەشکێنێ | |
| دەڵێن هەر شتێ **کابان** بیشکێنێ | کەیبانو |
| تـەقـەی لـێ نـایە گوێ نابزوێنێ | |
| مـەپرسە مـردوو لاوە یـاکیژە | |
| مەشهورە چاوی مردودار تیژە | |
| چرای مەزڵومان کزو بێ نورە | |
| ئـاوی زاڵمان سـەر بەرو ژورە | |
| قەت ئاسودەنی مەگەر لە خەودا | |
| سـەرێکت هـەیەو هەزاران سەودا | |
| هێند تێریت برسیت قەت لەیاد نییە | |
| ئـاگات لـە مەحمود بـــێ زەواد نییە | |
| خاڵەگیان هێشتا ئەسپ نەکڕاوە | |
| ئـاخـوڕ هـەڵـبەستـن **خـەیاڵپلاوە**. | خەیاڵ بلاو/ خەیاڵ و هیچی تر |
| 2 | 2 |
| خاڵەگیان هێشتا ئەسپ نەکڕاوە | |
| **ئـاخوڕ** هـەڵبەستن خـــەیاڵپلاوە | جێی عەلەف ئاژەڵ |
| ئاشی **فرە خێو** ئەوەندە دێنێ | فرە خاوەن/ ساحێبی زۆر |
| کـاکی ئاشەوان خۆی **بیقرتێنێ** | بیخوات |
| خـۆش بـەخـتە پـیاوی ئەمـــیرو چالاك | |
| ئالیك زیاد دەکات بۆخۆی ئەسپی چاك | |

| | |
|---|---|
| لێدان و کوتان پەسەند نەکراوە | |
| بەلاّم جارو بار **ئیزن دراوە** | ڕێگە دراوە |
| ئەوەی نەفام و بێ هۆش و گوێیە | |
| کوتەك دەزانێ قۆناغ لە کوێیە | |
| تا کوتەك نەخۆن هەندێك گاوو کەڵ | |
| ئیشت بۆ ناکەن وەك پیاوی دەغەڵ | |
| دەڵێن وابووە جنسی بارەبەر | |
| بێ کوتەك ڕێیان نەگرتۆتە بەر | |
| بۆ ژنی لاڕێ و پیاوی **بەدنمەك** | سپڵە/بێ وەفا |
| لە بەهەشتەوە **هاتووە** کوتەك | |
| **مەشهورە** ئاشیش ڕۆژێ یا شەوێ | بەناوبانگە/زانراوە |
| وردی لێنەگرت **بیرازی** دەوێ | زبرکردنەوەی بەرداشی ئاش |
| تاسەرت نەدا لەبەردی **ئەلحەد** | بەردی ناوگۆڕ |
| کۆتایت نەکرد لە زوڵمی بێ **حەد** | بێ سنور |
| ئەم پەندە گەلێك جێگەی بڕوایە | |
| زمانی شیرین **پەسەندی خوایە** | خواش پێی باشە |
| تاڵترە خوێنی بێ حەیاو دەم شڕ | |
| لای خوداو خەڵك لە میری سەربڕ | |
| نەعلەت کراوە سەد ئەونەی ئیبلیس | |
| لە پیاوو ژنی سوك و زمان پیس | |
| **هێژن هەڵەوەڕ چەشنی نەجیسە** | ئەڵێن زۆربڵێ وەك پیسایی وایە |
| تاچیلکەی تێخەی بۆگەنی پیسە | |
| زمانت بگرە دەستم بە دامان | |
| تاماوی بڵێ ئەی زمان ئامان | |

| | |
|---|---|
| دار ئەگەر ساڵێك بەری **نەهاورد** | نەهێنا/ نەیگرت |
| نـابێ بـیبڕی بـیکەی وردو پـرد | |
| پـێوانـە ئـەگـەر جـارێك بــەتاڵە | |
| گەلێك جار پڕە بەس بۆی بناڵە | |
| بە مـاڵی دنـیا زۆر دڵ مـــەبەستە | |
| قەدیمی دەڵێن وەك چڵكی دەستە | |
| **سەودای** **هەوەڵ** جار لە كیسی مەدە | سەوا/معامەلە |
| بە هـەشتی پـاك و نـۆی پیسی مەدە | |
| **هەوەڵ** مشتەری لەدەست دەرمەكە | |
| خۆت توشی قڕەو دەردی سەرمەدە | |
| وازوو نـاچێژی لـەم تام و بۆنە | |
| مەگەر بێژی ئەم نانە بەو ڕۆنە | |
| ئەمەش فەرمودەی پیاوانی زووە | |
| **هەر** لـە كـۆنەوە وایـان فــەرمووە | |
| نوشتەی مەلاو شێخ گشت فڕو فێڵە | |
| ئـاخۆ چـارەنوس لە دوای كێ وێڵە | |
| یەكێ لە یەمەن یەكێ لە شیراز | |
| خوا مەیلی لێبێ دەبن بە **هاوڕاز** | |
| ئـەمەش لە ئـەصڵا پـەندێكی كۆنە | |
| لـەسەد ئـاوی خـەیت تەڕنابێ **سۆنە** | مراوی |
| قەت لە شوێن چوان نەچیەوە چاكە | |
| بـەس لێرەو لـەوێ كای كۆن بەباكە | |
| بێ **سوچ** و خەتاش دەگرێتەوە شەڕ | خطأ/خەتا/تاوان |
| **ئـــاور** كـە گـرتـی چ وشـك و چ تـەڕ | ئاگر |

| | |
|---|---|
| دوکەس وا بژی لەبەر بەد فەڕی | |
| شۆفار بەکەڕی **بۆزیش** بە لەڕی | دێز/کەری کارنەکەر |
| یاخوا لەکای کۆن بەرنەبێ ئاگر | |
| تا ئاوی پیاکەی دەیگرێ زیاتر | |
| دووزمان کەوتە بەینی ژن و **شو** | مێرد |
| ئـەو دوانە دەبن بە ئاگرو پوشو | |
| هـەندێك ژن و مێرد دەردیان گرانە | |
| شـەڕدەکـەن بـەڵام زێـــــڕنگەرانە | |
| هـەرتاو نەتاوێك قۆڵ لێك هەڵدەکەن | |
| **نە پێك هەڵدەکەن نە وێك هەڵدەکەن** | نەبەیەکەوە دەتوانن بژین، نە لەدوری یەکیش |
| خۆزگەم بەو کەسە لێقەوماو نییە | ئیدارە دەکەن. |
| خـۆکەس **لا گیـری** تـێشکاو نییە | لایەنگر |
| نـوسـراوە لـەسـەر گۆڕەکــــەی بارام | |
| کەرەم پەسەندە نەك هەیبەت و سام | |
| هەرلە کۆنەوە دەست و دڵ بازی | |
| پـەسـەند کـرا نەك پاڵەوان بازی | |
| گـوێبگرە پـەندی جوان و بێ وێنە | |
| لە ماوەی ژینت دووکەس مەدوێنە | |
| یـەکێ بـەسـواری دێ ڕادەبـــورێ | |
| یەك **پول** دەبژێرێ لەدەر یا ژورێ | پارە |
| زۆر لـە هـاوڕێیان دێنە ســـلاوت | |
| سەرمەستی کردوون بۆنی پلاوت | |
| بەوانە ئێژن دۆستی سەرسینی | |
| مـێشن هاتونە دەوری شیرینی | |

| | |
|---|---|
| **تـاسامانت هـەس** دۆست فـرە خــاسن | تاكو پارەت هەیە |
| سەروەت چو لەدەست كەی تۆ دەناسن؟ | |
| **كـێ مـەتاعی خـۆی نـاحــەز دەنوێنێ؟** | كێ كاڵای خۆی بە خراپ باس دەكات |
| هەركەس بەیاری خۆی هەڵ دەخوێنێ | |
| ئـێژن نـۆكەری بـــێ موچەو خەڵات | |
| ئەو تاجی سەری ئاغایە گشت كات | |
| نانێ ڕۆژ پەیدا بكەی نانێ شەو | |
| بـەڵام نـەكێشی منەت لەم و لەو | |
| بەدەست مسی **قاڵ** بـكەی بـەهـــەویر | تواوە |
| نەك دەست بە سینە لە خزمەت ئەمیر | |
| كـێ دیـویە ئـیشی وەها ناقۆڵا | |
| بەسەر دڕی خۆی **ناقیلە** جۆڵا | ناقایلە/ناڕازیە |
| وایان فەرمووە پیاوانی وردبین | |
| مـەردانـە مـردن نـەك ژنـانەژین | ژن وەك پێچەوانەی پیاو نەك وەك ڕەگەزی ژن! |
| هەرچی بیچێنی **شین دەبێ** بۆتۆ | سەوز دەبێ / دەڕوێت |
| گـەنم لە گـەنم دەڕوێ جۆ لە جۆ | |
| هەرشت ڕەسەنی خۆی دەگرێتەوە | |
| گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە | |
| ئەم پەندە لە گوێ بگرە گەوهەرە | |
| **عـیلمی بـێ عەمەل** باخی بێ بەرە | زانستی بێ كردەوە. |
| هەر كەس شارەزای كەسب و كارێكە | |
| هەر ڕێـگەی **حــۆجـەی** بـە ڕێبوارێكە | پێویست / نیاز |
| لە ئاشی زۆری پـێچوە لــەڕێ | |
| خۆماندو دەكا زوو بگاتە جێ | |

| | |
|---|---|
| لە سوڕی دۆڕان دەی هەویٚ لە کا | |
| بە خـێرو شـایی قـــەرەبوی وەکا | |
| تـاکەی قبولٚ کەم لە دوژمنانم | |
| وا نوکی چەقۆ گەییە ئێسقانم | |
| خۆت چاککە باسی کەس مەکە **چیدی** | ئیتر |
| خـۆکـەس نـاچێتە قەبـری **کـەسی دی** | کەسی تر |
| کیٚ چالٚ هەلٚکەنیٚ بۆ مەخلوقی خوا | |
| خـۆی تێدەکـەویٚ بـە تەوفیقی خوا | |
| کەسیٚ لە بەندی گوماندا حەپسە | ئەو کەسەی لە گوماندا دەژی |
| نــــــازانیٚ دنـیا **قـیاسولنەفسە** | (قیاس النفس) پێوانەی دەرونی |
| کـیٚ خـەلٚکی بـەچاك یا خراپ زانی | |
| **عەکسی** خۆی دیوە لە نێو چاوانی | وێنە/ پێچەوانە |
| قـەدیمی دەلٚێن **وەتــی دنیا هەس** | لەو وەتەی دنیا هەیە |
| نەبیسراوە کەس ڕازی بیٚ لەکەس | |
| مـەخـوازە ئـاوات بــەمردنی کـــــەس | |
| عەمری تۆش دەڕوا وەك من بە **عەبەس** | بیٚ هودە |
| هـوشتری کـەمەرك بـیٚ درۆو دەلـەس | |
| یخ دەخوا لەبەر دەرگەی هەموو کەس | |
| بـۆ تـاقە دۆسـتی خـۆت پـیـــرو کوێرکەی | |
| نەك ڕۆژی چەند دوست بە مالٚت فێرکەی | |
| تاقە یەك هاوڕێی باش و مەرد و ڕەند | |
| قـەزای لە (دە) برا هیچ و پوچ و گەند | |
| مـالٚت چ کـەم بـوو چ زۆرو زەوەند | |
| بەجێی مەهێلٚە بۆ گەند و بۆ ڕەند | |

| | |
|---|---|
| ماندوبونی ڕۆژ بۆ تێری شەوتە | |
| بـیکەی بە میرات بیرێکی چەوتە | |
| **هە**ر **بینا** مردی وەسیەت با بردی | بینرا |
| کاکی میراتگر بەقسەی نەکردی | |
| ئەو ماندو بون و ئەو خۆ کوتانە | |
| بـەربـەرەکـانـێ لـــەگـەڵ ژیانە | |
| چون مەقەست و ڕیش **هە**ر بەدەست خۆتە | |
| ســنگ بــە تــۆ بــڕاو مــــن **ملەقۆتە** | ملە قۆرتە/ملە چۆچە/ملە قۆتەرە |
| شێخێکی نەزان کوپەی مەی شکان | |
| دڵی بــادە نۆش پێی کەوتە تەکان | |
| ڕوڕەش خۆم ئەگەر لەبەر خودای کرد | |
| ڕوڕەش خۆی ئەگەر لەبەر ڕیــای کرد | |
| میمبەرو مـیحراب تـێك بتەپێنە | |
| بەڵام دڵی کەس دا مەخورپێنە | |
| دەڵێن مزگەوت تێك بڕوخێنی | |
| **جورمی** کەمـترە لە ڕوشکێنی | تاوان/گوناه |
| **هە**رچی بێ کەسە **هە**ر خوایە کەسی | |
| لــەچــی بتــرسی **لێی نــاخـەلـەسی** | لێی نەجات نابی |
| بێجگە لەو خوایەی کە گیان دەسێنێ | |
| پـشتت بـەکێ بـەست ئەو دەیشکێنێ | |
| سـوێندم بـەو کـەسـە دونیــای **ڕۆناوە** | دروست کردووە |
| کەس بەتەمای کەس دروست نەکراوە | |
| زۆر بایی مەبە ئەی لاوی سەرمەست | |
| لـەو دنـیا زۆرە دەسـتی بـاڵا دەست | |

| | |
|---|---|
| لە نێو چاوانت غەزەب دەبارێ | |
| توشی گون ڕەشی خۆت نەبوی جارێ | |
| ئەمڕۆکە قۆزی بە فیزو پۆزی | |
| گێژی تێنەگەی کە سۆزی تۆزی | |
| هەر بەدەست خۆتی خراپەو چاکە | |
| تاوان لە ئەستۆی خەڵکی بەس ڕاکە | مەکەرە ئەستۆی کەس |
| غەیبەتی مردوو مەکەن بە پیشە | |
| پاش مردوان ڕەحمەت باشە هەمیشە | |
| کەسێك مرد شەیتان وازی لێ دێنێ | |
| ئادەمی ناوی چۆن خراپ دێنێ | |
| **سەر بنێیتەوە** بە جوانە مەرگی | بمریت |
| باشترە لە زۆر ژینی سەگ مەرگی | |
| خودا بیبڕێ دەنگ لە دلێری | |
| ڕێوی ڕاو دەکا لە جێگای شێری | |
| گوێبگرە پەندی خانزادی سۆران | |
| **فامیدە** ترین ژن بوو لەزۆران | تێگەیشتوو |
| کێ دۆخێن کورتە قەزام لێی کەوێ | |
| بەشکم لێی پساو دوژمن ڕێی کەوێ | |
| لێم کەوێ قەزای دۆخێن درێژان | |
| تێبینن لەلام بەنرخ و هێژان | |
| شەڕ لە نێوانی **بارگین** و کەڵە | بارگیر |
| ئەوەی چو لەبەرپێیان ئاژەڵە | |
| دەست لە دوژمنان وابوەشێنی | |
| سێوە تاڵەیان لە خەوێ بێنی | هەنگوین لە دەمیان تاڵ بێت |

| | |
|---|---|
| بـە تێڵاو کوتەك هەڵیان کـوتیە سـەر | |
| جا چت خوار دووە ترش و چەوەندەر | |
| نـانی دوژمـن و سـایـەی دەرەبەگ | |
| لەمن حەرام بێ وەکو چڵکی سەگ | |
| دنـیا بــەشەوو ڕۆژێــك بزانی | |
| **دیـارە لـەفام و شعور نەبانی** | دیارە زانست و هەستت گۆڕاوە |
| بـــەکـــەم ڕازی بـــە تـــا زۆرت دەبێ | |
| هەشت بێ لە مشت بێ نەك نۆبێ نەبێ | |
| کـاتێ هـەشتت نا گـرێوی نۆوە | |
| دەستت لە فام و شعور بشۆوە | |
| نـەکردەکـاران مـەبەن بۆ کاران | |
| دەیانبەن پێیان مەسپێرن کاران | |
| بـدەن لـە **چڕو هـەڵەموت و بەرد** | هەوراز ، چیای بەرز ، بەردەڵان |
| بەڵام قەت مەدەن لەپردی نامەرد | |
| کەسێ بتوانێ هەڵگرێ شمشێر | |
| نـاشێ بتـرسێ لـە پڵنگ و شێر | |
| بـەخۆت بـنازی وەك ئاو دەتکی | |
| لەخۆت بی ڕازی زۆر زو دەشکی | |
| هـەروەك لە ددان لێو لە پێشترە | |
| کەسێك لە هەزار ناکەس خوێشترە | |
| وەك داری ئەستور نابێتە **گۆپاڵ** | گۆچان/گاچۆن/گالۆك/چۆگان |
| نـاگرێتە ئـەسـتۆ بێ تاوان ئۆباڵ | |
| ئـینسان نـەزانێ لـەزاری چی دێ | |
| هێندە کەرنەبێ بە کاری چی دێ | |

| | |
|---|---|
| ئینسان نابیٚ ڕیٚ و شویٚنی خۆی ونکا | |
| گولله سـەرتاپای لەشـی کون کون کا | |
| ئینسان بە حەقیٚ مالٚ ویٚران نابیٚ | |
| خـوارو خیٚچی بـۆ جوامیٚران نابیٚ | |
| هـاتویە دنـیاو دەڕۆی بـــەتەنیا | |
| ئینسان دوو کەڕەت نایەتە دنیا | |
| ئینسان تا دەمریٚ گلٚ دەیڕزیٚنیٚ | |
| نازانیٚ زەمـان چی بـەسەر دیٚنیٚ | |
| مام مەلا هیٚندە ئەمڕۆو سبەی کرد | |
| تـا کونی بەرتیل بای لە جبەی کرد | |
| کیٚ قسەی نەچو هەتا بەرگونی | |
| پیٚی بلیٚن گەلیٚ کەمتر لـــە ژنی | ژن وەك پیٚچەوانەی پیاو نەك وەك ڕەگەزی ژن! |
| کەسیٚ لەسەر یەك نەبوو تەقەلی | |
| پـولی چـروکی تـیایە بـاخـــەلی | |
| فـەقیر (با) دەرگــەی لیٚناکاتەوە | |
| خـزمی خـۆیشی لای لیٚناکاتەوە | |
| چبکەم چەرخی چـەپ **بۆمە** وای دیٚنیٚ | بۆ ئیٚمە |
| ڕۆژ ڕەشــی ئــیــتــر **ئــیـنـتهای** دیٚنیٚ | کۆتایی |
| فـەقیـری بـۆیە ڕوڕەشــی دیٚنیٚ | |
| لای منالٚ دەشیٚ سەر دانەویٚنیٚ | |
| تـیٚبینی دوا ڕۆژ بـکەن بە پیشە | |
| پەسەند نەکراوە بگرەو لیٚینیشە | |
| هەرشتیٚك سالاٚن زۆر بوو وەك خەرمان | |
| ئیٚستاکە پـەیدا نـابـیٚ **بـــــۆ دەرمان** | بە بڕیٚکی کەمیش |

| | |
|---|---|
| لەم ئێرانە پڕ زەمەزەمی دوێنێ | |
| بۆی وێرانە دێ پەپو دەخوێنێ | |
| خــەم داگرتن و پــەرۆشی ناوێ | |
| کەری بەفراوێ نوقمی **سێلاوێ** | لافاو |
| ئەو ئاوەی تێکەڵ شیرت کرد نامەرد | |
| بــوبــە لافــاوو بــردی مــانگا زەرد | |
| شـك مـــەتارێنن لـێرەو لـە وێدا | |
| کوێ **هاتە** ئێشان ڕۆح وا لەوێ دا | |
| دەست بەتاڵ **فڕوفیشاڵی** وشکە | درۆ ودەلەسە |
| بــەغدا نــاگیــرێ بە قونە خشکە | |
| بە ژن بلێی مان مەگرە بۆ زێڕێ | |
| لـەوانەیە پـیاو بـەکێو **هە**ڵگێڕێ | |
| نـیمە پـێت وایە **"قـــــەرەتاژدین"**م | کەسایەتیەکە |
| **بەقام پێ ناکەی** بەگونی بارگینم | بڕوام پێناکەی |
| زۆرم بیستووە لە دۆست و یاران | |
| کـەس بـەلاباران نـاچتە هەواران | |
| گــوێبــگرە پـــەندم گــوێــگری ئازیز | |
| **وەك گوش ئازیزە گۆشوارەش ئازیز** | وەك گوێ خۆشەویستە گوارەش هەروایە |
| حەسود لەگەڵمان بە بوغز و قینە | |
| یـار سـلامەت بێ بە مانگ وەڕینە | |
| خۆت بەسندی کەیت هەرچت پێ چاکە | |
| خـــۆ نـــەدوراوی بـــەمـــنـــەوە کاکە | |
| ژیری تۆو گەوجی من بەران بەرە | |
| تـەنیا مـویەکیان ئـەمبەرئەوبەرە | |

| | |
|---|---|
| نیە ئەو ئەقڵەی لە **کەوشی** تۆدا | پێڵاو/ قۆنەرە |
| لەمێشکی منی چەقەسرۆدا | چەقەسو/چەقاوەسو |
| دوژمن سێدارەی بۆ نەچەقان با | |
| کورد ماف خۆی بوو گەر بەحەقان با | |
| تاخۆشەویستم لە زیندان بەردا | |
| پێم نەما ئاووم لە گیرفان وەردا | |
| لە ڕێی ڕزگاری مێشك پڕاوە | |
| ئاوێکە بۆ کورد هەروا ڕژاوە | |
| ماڵ بە ساحێب ماڵ حەرام کراوە | |
| فەرمودەی کوردەو لە خۆی ڕویداوە | |
| قسەی پێشینیانە ئەم نوکتە جوانە | |
| کورد لە تەنگانە **تەلانی لانە** | چیا شوێنێتی |
| لە چیای مەزن تا بزن و هەرزن | |
| هەبێ نابەزن هەروا سەر بەرزن. | |